www.helwist.com



# دیاکۆی ماد و بەرەنگاری کردنی ستەم و کۆیلایەتی، بە چەکی دادپەروەری و کەسایەتی

**شێرکۆ جیهانی**

## یەکەمین ڕێبەری بەناوبانگی مێدیاکان



مەدیاکان لە بەرامبەر هێرشی ئاشووریەکان دا هێندێک جاران تەسلیم بوون و بە دەستی خۆیان ماڵ و ملْکیان پێشکەش کردوون، بەڵام گەلێک جارانیش ( واتا زۆرترین جارەکان) بۆ وەدەست هێنانی ئازادی شەڕیان کردووە و گەلێک ڕێبەر و میری مێدیایی پێشەنگایەتی ئەو شەڕانەیان کردووە. بەڵام یەکێک لە بەناوبانگترینی ئەو کەسانەی کە توانی لە دژی ئاشووریەکان، خەڵکی مێدیا و دەوڵەت شارەکانی ئەو وڵاتە یەک بخات، کەسێک بووە بە ناوی " دیاکۆ ". بە پێی وتەی مێژوونووسان" دیاکۆ" کوری کەسێک بووە بە ناوی" فرەئاوەرت" کە گۆیا لە نێوان ساڵەکانی 709 تا 656 ی بەر لە زایین پادشایەتی کردووە. یەکێک لە کۆنترین سەرچاوەکانی مێژوویی کە باسی لە دیاکۆی مێدیایی کردووە، " هێرۆدۆت"ی یونانییە. هێرۆدۆت ئاماژە بەوە دەکات کە دیاکۆ خۆی میر یان کەسێک لە چینی سەرووی کۆمەڵگای مێدیاکان نەبووە، بەڵکوو تەنیا بە هۆی وشیاری و دادوەری خۆیەوە لە لایەن گەورە و پیرەکانی مێدیای وەک بەڕێوەبەری وڵاتەکەیان هەڵدەبژێردرێت و ئەمەش لە چوارچێوەی ڕاست پەروەری، دادخوازی، دیاری کردنی کەسی شایانی بۆ ڕێبەرایەتی و هەروەها باشتر بە سیستەم کردنی وڵاتی مێدیاوە ئەنجام دراوە. با بزانین هێرۆدۆت چۆن باسی دیاکۆی کردووە، بەڵام بەر لەوە با بزانین کە ئایا مێژووی هێرۆدۆت متمانەی پێ دەکرێت؟:

## ئایا متمانە بە گێرانەوەکانی هێرۆدۆت دەکرێت؟

ئەو شتانەی کە هێرۆدۆت لە بارەی مێدیاکان و پارسەکان دەیگێرێتەوە، بە وتەی خۆی لە زمان چەند کەسی پارسی بیستووە. کەوابوو شیمانەی ئەوە دەکرێت کە هەموو ڕاستیەکانی وڵاتی مێدیایان نەگوتبێت، یان شایەدیش هێندێک شتی ناراستیان لە بارەی مێدیاکانەوە بۆ هێرۆدۆت گێرابێتەوە.( بە هەر حاڵ ئەوانەی قسەیان بۆ هێرۆدۆت کردووە خۆیان مەدیایی نەبوون و بگرە لە نەتەوەیەکی ڕەقیب و دژبەری مەدیاکان بوون).

هێرۆدۆت هیچ بیروڕایەکی خۆی بە سەر خوێنەری مێژووەکەی دا ناسەپێنێت و زۆرتر وەک کەسێکی بێ لایەن خۆی نیشان دەدات کە تەنیا ئامانجی گێرانەوەی ئەو شتانەیە کە بیستوویەتی. تەنانەت هێرۆدۆت لەو شوێنانەی کە ئەفسانەش دەگێڕێتەوە و ئەفسانە تێکەڵ بە مێژوو دەکات، هەرگیز نەیگوتووە کە ئەو شتە لە سەداسەد ڕووی داوە و دەڵێت کە ئاوایان گوتووە. بۆ وێنە لە شوێنێکی کتێبەکەی دا باس لە " ماری باڵدار" دەکات، بەڵام ئاماژە بەوەش دەکات کە خۆی شتێکی وای نەبینیوە و هەرگیز ناڵێت کە حەتمەن ئەو گیاندارە هەیە. لێرە دا هێندێک کەس هەوڵیان داوە بە بەهانەی ئەوەی کە گۆیا هێرۆدۆت ئەفسانەی تێکەڵ بە ڕاستیەکانی مێژوویی کردووە، ڕاستیەکانی مێژوویی هێرۆدۆت ڕەت بکەنەوە یان پەردەی گومانێکی زۆرتر بخەنە سەری. بەڵام لە ڕاستی دا بەشێکی زۆری گێرانەوەکانی هێرۆدۆت جێگەی باوەڕین. وەک نموونە هێرۆدۆت ناوی "دیاکۆ" و چەندین گەورەی مێدیایی و بەسەرهاتەکانی باس کردوون کە ئەو ناوانە و بەسەرهاتەکانیان، بە شیوەیەکی هاوشێوە یان نزیک لەمە، لە کەتیبە و نووسراوەکانی ئاشووریەکان دا دەبیندرێت. یان ئەگەر نموونەیەکی دیکە بدەین، بۆ وێنە لە کەتیبەی مێژوویی" بێستوون"ی کرماشان دا هێندێک ناو هەن، کە زۆربەی ئەو ناوانە پێشتر لە کتێبی هێرۆدۆت دا ئاماژەیان پێ کراوە و گرێدراوی ئەو بەسەرهاتەن کە لەو کەتیبەیە دا باسیان لێکراوە ( ئەگەر چی کەتیبەی بێستوون زۆر زاڵمانە و چەواشەکارانە لە لایەن داریوشی هەخامەنشییەوە لە دژی مێدیاکان فەرمانی نووسینی دەرکراوە) . گێرانەوەی سیستەمی ژیانی خەڵکانی مێدیایی و پارس و ئایین و شێوازی جلوبەرگ و ژیانی ئەوانیش، زۆر لە ڕاستی نزیکە. کەوابوو مرۆڤ دەتوانێ زۆرتر پیروا بە هێرۆدۆت بکات و ئەگەر لە هێندێک شوێنیش دا ئەفسانە تێکەڵ دەبێت، ئەوە دەردەخات کە لەو سەردەمە دا ئەم ڕووداوانە بۆ خەڵکی ئەو کاتە چەندە گرینگ بوون کە تەنانەت ئەفسانەیان بۆ ساز کردوون.

## پادشایەتی دیاکۆ بە گێرانەوەی کتێبی مێژووی هێرۆدۆت

هێرۆدۆت لە بەشێکی کتێبە بەناوبانگەکەی خۆی دا، واتا "مێژوو" بەم شێوەیە باس لە دیاکۆ دەکات: بۆ ماوەی 520 ساڵ بەشێکی بەرین لە هەرێمە بەرزەکانی ئاسیا، کەوتبووە ژێر دەسەڵاتی ئاشووریەکان. لە بەردەوامی ئەم داگیرکاریە دا، یەکەمین خەڵکانێک کە خۆیان لێیان جودا بوونەوە، مەدیاکان بوون. مەدیاکان لە شەڕی دژ بە

www.helwist.com



ئاشووریەکان دا، گەلێک ئازایەتیان نواند و لە ئەنجام دا توانیان کە پەت و زنجیری کۆیلایەتی ئاشووریەکان لە مل کەنەوە و خۆیان ئازاد بکەن و بە سەربەخۆیی بگەن.دواتر گەلانی دیکەش بە چاو لێکردن لەوان، گەیشتنە سەربەخۆیی...

لە نێو خەڵکی مەدیا دا پیاوێکی زۆر زیرەک و وشیار هەبوو بە ناوی " دەیۆکۆ" ( دیاکۆ) کوڕی " فرەئاوەرت" . ئەم کەسە کە تامەزرۆی وەدەست هێنانی دەسەهەڵات بوو، بۆ گەیشتن بەو ئامانجە بەم شێوەیە جووڵاوە:

مەدیاکان لەو سەردەمە دا لە چەندین گوند، لە یەک بڵاو و نایەکگرتوو دەژیان. دیاکۆ کە هەر لە مێژەوە لە گوندەکەی خۆیان لە لایەن خەڵکەوە ڕێزی لێ دەگیرا و حەزیان لێ دەکرد، بە سەرنج و ئەوینێکی تایبەت لە ناو ئەم خەڵکە دا، دادپەروەری و یەکسانی پەرە پێ دەدا. دیاکۆ لە قۆناغێک دا ئەم کارەی دەکرد، کە لە سەرتاسەری وڵاتی مەدیاکان، هیچ کەسێک ڕێزی لە یاسا نەدەگرت، ئەوە لە حاڵێکدابوو کە دیاکۆ لە سەر ئەو باوەڕە بوو کە دادپەروەری و مافخوازی، دوژمنی ستەم و نادادپەروەریە. ئەو مەدیانەی کە لە گوندەکەی ئەو دا دەژیان، بە دیتنی ئەم جۆرە هەڵسوکەوتانە، ئەویان وەکوو دادوەری خۆیان هەڵبژارد. ئەوسا دیاکۆ کە پیاوێکی دەسەهەڵاتخواز بوو، هەوڵی دا کە خۆی وەکوو مرۆڤێکی راستگۆ و راست کردار نیشان بدات. بەم جۆرە هاوشاریەکانی پێیان هەڵدەگوت و ستایشیان دەکرد و لە هەموو شوێنێک باسیان دەکرد. ناوبانگی دیاکۆ گەیشتە گوندەکانی دیکە و ئەوانیش تێگەیشتن کە دیاکۆ، مرۆڤێکە لە سەر بنەمای دادپەروەری و ئینسافەوە بڕیار دەدات. کاتێک خەڵکی گوندەکانی دیکە، واتا ئەو کەسانەی کە ڕووبەڕووی سزاکانی زاڵمانە ببوونەوە ئەمەیان زانی، بە باوەشێکی ئاواڵەوە بەرەو دیاکۆ ڕۆیشتن و داوای دادوەریان لێ کرد. کار گەیشتە جێگەیەک کە خەڵک، بۆ چارەسەر کردنی کێش و گرفتەکانی خۆیان، جیا لە دیاکۆ بۆ لای کەسێکی دیکە نەدەچوون. دواتر ناوبانگی ئەمە بڵاو بۆوە کە دادوەریەکانی دیاکۆ لە دادگا، هەموویان لە سەر بنەمای دادپەروەری و ئینسافەوە بەڕێوە چوون. ئینجا ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەی ئەو کەسانەی کە سەریان لێ دەدا، زیادی دەکرد. سا کاتێک کە دیاکۆ زانی خەڵکانێکی زۆر ڕوویان تێکردووە و هەموو کاروبارەکان گرێدراوی ئەوە، ئیتر ئامادە نەبوو کە لەو شوێنە تایبەتیەی دادوەران دەچوونە سەری، دابنیشێت و دادوەری بکات. هۆکارەکەشی بۆ ئەمە دەگێراوە کە بە هۆی زۆر بوونی کاری دادوەری، ئیتر دەرفەتی ڕاگەیشتن بە کاروبارەکانی تاکەکەسی و ژیانی خۆی نەمابوو. کاتێک دیاکۆ دەستی لە دادوەری هەڵگرت، جارێکی تر ئاڵۆزی و ڕووتاندنەوە و بێ نەزمی، بە سەر هەموو گوندەکانی مەدیا دا زاڵ بۆوە. هەر بەم هۆیە مەدیاکان لە شوێنێکدا کۆبوونەوە و لە گەڵ یەکتر دانوستاندنیان کرد. من ( هێرۆدۆت) پێم وایە کە لەم کۆبوونەوەیە دا، دۆستانی دیاکۆ زیادتر لەمانەی دیکە قسەیان کردووە و لە بارەی هەلومەرج و رەوشی گشتی، قسەیەکی لەم جۆرەیان کردووە:

"بە لەبەر چاو گرتنی ئەوەی کە ئەمڕۆکە لە وڵاتەکەمان دا، ژیانمان لێ تاڵ و دژوار بووە، پێویستە لە ناو خۆمان دا کەسێک بۆ پادشایەتی هەڵبژێرین. بەم شێوەیە دەکرێ وڵاتەکەمان بە باشی بەڕێوە بەرین و بە بێ ئەوەی کە ترسێکمان لە ئاڵۆزی و بێ نەزمی هەبێت، درێژە بە کارەکانمان بدەین."

ئەوان بەم جۆرە قسانە هەوڵیان دا کە پێویستی هەبوون و هەڵبژاردنی پادشایەک لە ناوخۆیان دا بسەلمێنن.

لە گەڵ هێنانە ئارای پرسی ئەوەی کە چ کەسێک شایانی پادشایەتییە، هەموو لایەک بە تێکرایی و یەکدەنگی، ناوی " دیاکۆ"یان هێنایە سەر زمان و دەستیان کرد بە پێداهەڵگوتنی کەسایەتی ئەو. لە ئەنجام دا کۆڕی گشتی بڕیاری دا کە دیاکۆ، ببێتە پادشای نیشتیمان. دیاکۆش داوای لە خەڵکی مەدیا کرد کە ماڵێکی وای بۆ ساز بکەن کە شایانی پلەی پادشایەتی بێت و بە ساز کردنی ژمارەیەک پارێزوان و دەرگەوانی چەکدار، هێز و شکۆیەکی زۆرتری پێ ببەخشن. مەدیاکان هەموو داخوازەکانی ئەویان جێبەجێ کرد. واتا لە شوێنێکی وڵات کە ئەو دیاری کردبوو، خانوویەکی گەورە و قایمیان بۆ ساز کرد و ڕێگەیان پێدا کە لەناویان دا هێندێک کەس وەک پارێزوانی خۆی دیاری بکات. کاتێک شوێن و پێگەی دەسەهەڵاتی خۆی قایم کرد، مەدیاکانی ناچار کرد کە شارێک ساز بکەن و هەموو هەوڵی خۆیان بۆ ئەو کارە بدەن و ئیتر زۆر گرینگی بە گوندەکانی پێشووی خۆیان نەدەن. کاتێک مەدیاکان ئەوەشیان بە قسە کرد، دیاکۆ دەستی کرد بە ساز کردنی قەڵایەکی گەورە و قایم، کە هێندێک بورج و حەسار، دەوریان گرتبوو. ئەوە هەمان ئەو قلایەیە کە ئەمڕۆ پێی دەڵێن " ئامیدان". ڕەوشی ئەم قەڵایانە بە جۆرێک بوو کە هەر کامەیان تەنیا بە ئەندازەی ددانەکانی، لە بوورجەکەی پەنایان بەرزتر بوون. حاڵەتی سرووشتی ئەم خاڵە کە بە شێوەی تەپیەیەک لە بەشەکانی دیکە جیا دەبێتەوە، تا ڕادەیەک یارمەتیدەری ئەم یەکە بووە. بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا، تا رادەیەکی زۆر ئەم بورجانە، بە ئەنقەست و بە زانابوونەوە بەم جۆرە بنیاد نراون. بە گشتی حەوت لە حەوت حەسار پێک هاتووە و کۆشکی پادشا و خەزێنەکانی شایانە، لە ناو ئەم قەڵایەدا بەجێ کراوە. درێژایی

گەورەترین حەساری ئەم شوێنە، لە گەڵ درێژایی دیواری حەساری شاری " ئاتێن" بەرابەرە. ددانەکانی پێنج لەو حەسار و بورجانە، هەر کامەیان بە ڕەنگێکی تایبەت نەخشێندراون: حەساری یەکەم بە ڕەنگی سپی. حەساری دویەم بە ڕەنگی رەش. حەساری سێیەم بە ڕەنگی بنەوشی ئەرخەوانی. حەساری چوارەم شین و حەساری پێنجەم سووری پرتەقاڵی.

بەڵام دوو حەساری دوایی، واتا حەساری شەشەم و حەوتەم، یەکیان بە ڕەنگی زێوین و ئەوەی دیکەیان بە ڕەنگی زێرین، خەمڵێندرابوو.

دیاکۆ ئەم حەسار و بورجانەی بۆ ئاسوودەیی خەیاڵی خۆی لە دەوری ماڵەکەی ساز کرد و فەرمانی بە خەڵک دا، تا لە دەرەوەی دیواری حەسارەکان نیشتەجێ بن. کاتێک هەموو ئەم حەسارانە ساز کران، دیاکۆ هێندێک یاسا و ڕێسای ئافراند کە خۆی یەکەمین کەسی داهێنەریان بووە. داخواز و یاساکان بەم جۆرە بوون:( هیچ کەس مافی ئەوەی نەبوو کە ڕاستەوخۆ پادشا ببینێت و لە هەموو بوارەکانیش دا پێویست بوو خەڵک داخوازەکانی خۆیان نووسیبا و پەیامەکان بە شێوەی نووسراوە بە دەستی گەیشتبا. ئیتر هیچ کەس مافی ئەوەی نەبوو کە بە سانایی پادشا ببینێت و لەمەو بەدوا پێکەنین و تف کردن لە لای پادشا، وەکوو کارێکی ناڕەوا زاندراوە".

هۆکاری ئەوەی کە دیاکۆ ئەم هەموو بەزم و بەرنامەیەی ساز کردبوو، بۆ ئەوە دەگەڕاوە کە ئەوانەی هاوتەمەنی بوون و لە سەر سفرە بە یەکەوە نانیان خواردبوو، هاوکات لە بواری پێگەی کۆمەڵایەتی و ڕەسەنایەتییەوە خۆیان کەمتر لە ئەو نەدەزانی، بەخیلی پێ نەبەن و هەستی حەسودی و بەخیلایەتی تووشی پیلانگێرییەکیان نەکات. چوونکە ئەگەر ئەو کەسانە ماوەیەک ئەویان نەدیتبا، هێدی هێدی ئەویان وەکوو کەسێکی جیاواز لە خۆیان هەست پێ دەکرد.

لە گەڵکو ئەم یاسایانە پیادە کران و بەم شێوەیە جێگە و پێگەی خۆی بە تەواوی چەسپاند، ئەمجارەیان بە شێوەیەکی زۆر جیددی، دەستی کرد بە تێکۆشان لە پێناو سەقامگیر کردنی دادپەروەری دا. کورتەیەک لە باسوخواسی کێشە و گرفتەکانیان بە شێوەی نووسراوە دەبردە لای و ئەویش بۆ هەر پرسێک کە پێی دەکرا، دوای داوەری کردن، بڕیارێکی دەردەکرد و دەیناردەوە. ئەمە بوو شێوازی دادگایی کردن لە سەردەمی ئەودا.

وە بەڵام ئێستا چەند بڕیاری دیکەی ئەو لە پێناو پەرە پێدانی ئاسایش دەخەینە ڕوو:

ئەگەر زانیبای کەسێک تووشی کارێکی هەڵە و تاوان هاتووە، بانگی دەکرد و بە گوێرەی ئەو تاوانەی کە ئەنجامی داوە، سزای بە سەر دا دەسەپاند. هاوکات لە سەرتاسەری ئەو وڵاتەی کە دەسەڵاتی بە سەردا هەبوو، گەڵێک سیخوری بە ناو خەڵک دا بڵاو دەکردەوە کە ئەرکی چاوەدێری کردن و گوێ ڕاگرتن لە قسە و باسی خەڵکیان لە ئەستۆ بوو.



دیاکۆ، تەنیا توانی ئەقوامی مەدیایی لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە و حکومەتیان لە سەر بکات. ئەم قەومانەی کە لە چەندین تایفە و عەشیرە پێک دەهاتن، بریتین بوون لەمانە:

بۆز Bouse

پارت ئاسنی Partetacenie

سترۆشات Strouchate

ئاریزێنت Arizante

بۆدی Boude

ماگۆ Mages

## چەند خاڵی سەرنج ڕاکێش لە مەڕ بەسەرهاتی دیاکۆ لە گێرانەوەی هێرۆدۆت

بە پێی گێرانەوەی هێرۆدۆت دەردەکەوێت کە دیاکۆ ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لە یەکیەتی تایفە و دەستەکانی مەدیایی دا. دیاکۆ بەو کارەی توانیویەتی تا رادەیەکی زۆر بەرەنگاری ئاشوریەکان و خەڵکانی دیکەی هێرشکاریش بێتەوە. تێئۆری دیاکۆ سەرەتا لە سەر بنەمای خۆ بە سیستەم کردن، هاوکاری و یەکیەتی و خۆ پاراستن و بەرگری پێک هاتووە. ساز کردنی زەمینەی سانترالیزە کردنی دەسەڵات، هەوڵدان بۆ شکۆدارتر کردنی کەسایەتی ڕێبەری وڵات و هاوکات پێشگرتن لە سەرکەوتنی هەستی بەخیلی و پیلانگێری لە دژی کەسی یەکەم، نیشانەی ئاستی وشیاری و تێگەیشتوویی دیاکۆ بووە. لێرە دا دەردەکەوێ کە دیاکۆ خۆی چەندە مرۆڤێکی خاوەن بەرنامە بووە و کێشەکانی چەندە باش دەرک کردووە.

دیاکۆ زانیویەتی کە تەنیا ڕێگای کۆتایی هێنان بە سەرلێشێواوی و ئاڵۆزی زاڵ بە سەر خەڵک و وڵاتی مەدیا ئەوەیە کە ئەوان هێزەکانی خۆیان کۆ بکەنەوە و ببن بە یەک. بۆ ئەوەش تێگەیشتووە کە هەموو دەوڵەت- شارەکانی مەدیایی دەبێ لە دەوری شارێکی گەورە و ڕێبەرایەتیەکی زانا کە هەموو بە قسەی بکەن کۆ ببنەوە.( لێرە دا مەبەست لە دەوڵەت-شار، ئەو شارۆچکە و گوندە بچووکانەیە کە بە تایبەتی لە سەر تەپپەیەک ساز دەکران و بە قەڵا و دیوارەکان دەوریان دەگیرا و هەر کامەیان خاوەنی دەسەڵات و پادشا و حاکمی خۆی بووە). هەر بۆیەش سەرەتا بە زیرەکی خۆی، دادوەری خۆی بە خەڵکی مەدیا دەسەلمێنێ و ئەوەندە دۆست و لایەنگر لە ناو خەڵک و میرەکانی مەدیایی دا پەیدا دەکات، کە لە یەکەمین کۆبوونەوەی میرەکان بۆ دیاری کردنی شای وڵات، زۆربەیان دەنگ بە دیاکۆ دەدەن ! ئەوەش لە کاتێکدایە کە خودی دیاکۆ میرێکی هێندە گەورە نییە و تەنیا وەک کەسێکی دادوەر و زیرەک ناسراوە.

سەرنج ڕاکێشە کە مرۆڤ لێرە دا لە گەڵ چەمکێکی دێمۆکراتیک، واتا هەڵبژاردنی کەسی یەکەمی نیشتیمان لە وڵاتی مەدیا ڕووبەڕوویە. لەوەش سەرنجڕاکێشتر ئەوەیە کە ئەوان نەک لە چوارچێوەی ئاستی هێزی چەکداری و پلە و پایەی بنەماڵە و عەشیرە و پلەی کۆمەڵایەتی، بەڵکوو لە سەر بنەمای وشیاری، دادپەروەی و دڵسۆزی، هەوڵ دەدەن کە شیاوترین کەس بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی وڵاتی مەدیا دیاری بکەن و لە ئەنجامیش دا دەگەنە دیاکۆ.

بەڵام دیاکۆ زۆرتر لەوەی کە شا بێت، ڕێبەرە. ئەو تەنیا لە بەر ئەوەی کە نایهەوێت ئەم دەسهەڵات و سیستەمەی کە پێکی هێناوە بە ئاسانی لە دەست بچێت، زۆر زیرەکانە شەرت و مەرجیان بۆ دیاری دەکات و داوای قەڵا و کۆشک و پارێزوان بۆ خۆی دەکات. لەو قۆناغە دا ئەگەر کەسێک خاوەن پلە و پایە و شکۆ نەبوایە، کێ وڵامی دەدایەوە؟ بەم شێوەیە هەم ئاسایشی خۆی دەپارێزێ و هەمیش پایەکانی دەسهەڵاتی مەدیا بە هێز دەکات و شان و شکۆیەکی زۆرتری پێ دەبەخشێت. بەڵام دیاکۆ ئەو کارانە بۆ ئەوە ناکات کە کۆتایی بە کاری دادوەری بهێنێت و بەرژەوەندی تاکی خۆی بە تەنیا بگرێتە پێش. نا، ئەو درێژە بە کاری دادوەری دەدات، تەنیا بەو جیاوازیەی کە ئەمجارەیان وەکو پادشایەک لە ناو دیوار و سەربازەکانی قەڵاکەی دا، بە شێوەی نووسراوە پرسەکان وەردەگرێت و ئاڵوگۆڕیان پێ دەکات. لێرە دا ئەو راستیەشمان لێ ڕوون دەبێتەوە کە لە سەردەمی دیاکۆ دا نووسین باو بووە و مەدیاکان خاوەنی خەت و نووسین بوون. واپێ دەچێت کە دیاکۆش لە پەرە پێدانی ئەمە دا ڕۆڵی هەبووبێت. بە گشتی دەکرێ بگوترێ کە دیاکۆی زانا و خوێندەوار، کەسێکی زیرەک، دادوەر، خەڵک ناس و تەنانەت تا رادەیەکیش دەرۆن ناس بووە ( چوونکە هەستی بە زۆر شتان لە وێنەی هەستی بەخیلی دۆستانی کردووە و بە دوور کەوتنەوە لە هێندێکیان ئەو هەستەی دامرکاندوون). ئەو کەسێک بوو کە لە ژێر سیفەرەوە و بە دەستی بەتاڵ ( تەنیا بە مێشک و زانایی و کەسایەتی خۆی) توانی زۆر شتان بۆ خۆی و خەڵکەکەی بئافرێنێ و سیستەمێکی گەورەتر بە جێ بکات و بە راستیش شیاوی ڕێبەرایەتی بووە.

## پایەتەختی مەدیا " ئامێدانا" کوێ بووە؟



شتێکی گرینگی دیکەش کە پێویستە باس بکرێت ئەوەیە کە ئەو شارەی کە دیاکۆ وەک پایەتەخت سازی کردووە، لە لایەن خۆیەوە بنیاد نراوە، چوونکە وەک هێرۆدۆت دەگێڕێتەوە، دیاکۆ خۆی شوێنی ساز کردنی قەڵاکانی دیاری کردووە! ئەو شارە وەک " ئامیدانا" ناوی هاتووە.. هێندێک کەس پێیان وایە کە " ئامێدانا" هەمان " هەمەدان"ی

ئەمڕۆکەیە. بەڵگەی ئەو کەسانە ئەوەیە کە ناوی " هەمەدان" لە گەڵ ناوی " ئامیدانا" زۆر لە یەکتر نزیکە و هاوکات بە چاولێکردن لە جوگرافیای ئەو سەردەمەی مەدیا، شاری " هەمەدان" تا رادەیەک دەکەوێتە ناوەراستی وڵاتی مەدیا و لە شارگەلێکی گەورەی مەدیایی وەک " زێویە" ( هەڵکەوتوو لە نزیک سەقز)، " ئیزیرتوو" ( هەڵکەوتوو لە نزیک بۆکان) و چەندین شاری دیکەی گرینگی مەدیایی کە ئاسەوارەکانیان لە هەرێمەکە بە جێ ماوە، زۆر نزیکە.

هاوکات پەیدا بوونی گەلێک ئاسەواری مەدیایی لە وێنەی " شێری بەردین" و " جامی زێرینی شێر" و هەروەها گەلێک ستون و کۆڵەکە و دیواری قەڵای سەردەمی مەدیا لە شاری هەمەدان، نیشان دەدات کە ئەو شارە، شارێکی مەدیایی بووە.

لە گەڵ ئەوەش دا هێندێک کەس گومانیان هەیە کە هەمەدان، بە تەواوی هەمان ئەو شارە بوو بێت کە هێرۆدۆت باسی کردووە. ئەو قەڵایانەی کە هێرۆدۆت باسیان لێوە دەکات یان دەبێ بە شێوەیەکی ئەفسانەیی باس کرابێن و بەو جۆرە نەبووبن، یانیش دەبێ تا ئێستا تەواو وێران بووبن، چوونکە هێشتا ئەو قەڵا بەرز و ڕەنگینانە، بەو جۆرەی کە ئەو گوتویەتی پەیدا نەبوون. هاوکات دەبێ ئەوە لە بەر چاو بگیرێت کە وشەی " ئامیدانا" لە گەڵ ناوی چەند شاری مێژوویی دیکەی کوردستان وەک " ئامەد" و " ئامێدی" ( هەڵکەوتوو لە باکور و باشووری کوردستان) زۆر لە یەک نزیکن !!!

من لام وایە کە " ئا " لە سەرەتا هێندێک وشەی زمانی کوردی دا بە واتای " گەورەتر و فراوانتر"بووە. وەک نموونە: وشەی " کام" بە واتای " خۆشی"یە. بەڵام " ئاکام" واتا خۆشیەکی ئێجگار زۆر و گەورە.

یان: " سۆ" واتا " لێوار" بەڵام " ئاسۆ " واتا شتێکی بێ سنوور و گەورەتر و بەرین تر لە لێوار.

ئەو جۆرە نموونانە لە چەندین وشەی دیکەش دا بەدی دەکرێت. لێرە دا بۆی هەیە کە " مەد" وڵاتەکە بووە و " ئامەدانا" بە واتای شاری گەورەی مەدیەکان بووە.

بابەتێکی دیکەی جێگەی سەرنج ئەوەیە کە هێرۆدۆت ئاماژە بەوە دەکات کە شاری ئامێدانای پایەتەختی وڵاتی مەدیا، لە باشووری دەریای ڕەش هەڵکەوتووە. بەڵام شاری هەمەدان لە دەریای رەش دوورە. هێرۆدۆت لە درێژەی کتێبەکەی دا ئاماژە بەوەش دەکات کە چەندین شار بە ناوی " ئامێدانا" لە هەرێمەکە دا هەبوون. بۆ وێنە باسی لە" ئامێدانا"یەکی دیکەی مەدیایی کردووە لە خاکی سوریە ( وڵاتی سوریانیان) !. بەو پێیە مرۆڤ ناتوانێ بە شێوەیەکی سەتاسەت بڵێت کە ئامیدانا هەمان شاری هەمەدانی ئەمڕۆکەیە . هەڵبەت بۆیشی هەیە کە هەمان شار بوویێت یان هەمەدانیش یەکێکی دیکە بووە لە " ئامیدانا"کانی مەدیایی. بەڵام ئایا هەمان ئەو "ئامیدانا"یە بووە کە دیاکۆ بنیادی ناوە؟ ئەوە تا ئێستا بە تەواوی نەسەلمێندراوە.

## دواترین قسە:

دیاکۆ چەمکی ستەم و نادادوەری بە باشی ناسیوە. ئەو ستەمەی هەم لە لایەن ئاشووریەکان و دوژمنانی دەرەکی دیتووە، هەمیش لە ناو خۆی مەدیاکان دا. بە وتەی هێرۆدۆت، دیاکۆ پێی وابووە کە دادپەروەری، دوژمنی بێداد و ستەمە. هەر بۆیەش بە چەکی ماف خوازی و دادپەروەری خۆی، هەم بە سەر ئاڵۆزیەکانی ناوخۆیی و هەمیش تا رادەیەک بە سەر ستەمی دەرەکی دا سەرکەوتووە. دیاکۆ، وەک زۆر ڕێبەری ئەو سەردەمە کە قۆناغی کۆیلەداری بووە، بە ستەم وڵامی ستەمی نەداوەتەوە. بەڵکوو بە پێچەوانەوە کاری کردووە و تەنانەت بە کوشتار و زۆرداریش نەبووەتە کەسی یەکەمی وڵاتەکەی، بەڵکوو بە هەڵبژاردنێکی دێمۆکراتیک و بە چەکی ژیری و زانستی خۆی، بووە بە شای مەدیەکان. زۆر گرینگە کە ئەو راستیە بە باشی دەرک بکرێت کە هێزی راستەقینەی دیاکۆ، سەرەتا هێزێکی دەروونی بووە و زیادتر لە هەر شتێک، ئەو پروای بە هەست و زانست و کەسایەتی خۆی هەبووە